# مەرجەکانی کارکردنی ئافرەتانی موسڵمان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**شێخ محمد جميل زينو**

**وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1436

IslamHouse.com

# شروط عمل المرأة المسلمة

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1436

# مەرجەكانی كاركردنی ئافرەتانی موسڵمان

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان درووود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەجوانترین شێوە ڕێزی لە ئافرەتان ناوە، ورێگای ئەوەی پێداوون لەچوارچێوەی خێزان وكۆمەڵگەیشدا كاری تایبەت بە خۆیان بكەن، بۆ ئەوەی تاكێكی كاریگەر وئەكتیف بن لەبنیات نانی خێزان وكۆمەڵگە وولاتانی موسڵماندا، ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەیەكجاری ڕیگای نەگرتووە لەئافرەتان كە كار بكەن، بەڵكو بۆی دیاری كردوون كەچی كارێك بكەن، كارێك كە لەگەڵ ئەو سروشتە بگونجێت كە خوای گەورە ئەوانی لەسەر خەلق كردووە، كۆمەڵێك مەرجی بۆ داناون تاوەكو پارێزگاری

بکات لە ڕێز و کەرامەتی ئافرەتان، بۆ ئەوەی نەبنە یاری دەستی پیاوە نەخۆش و چاوبرسیەکان، ئەو مەرجانەیش بریتین لە : -

**یەکەم** : دەبێت ئافرەتان لەکاتی کارکردندیاندا تێکەڵاوی پیاوان نەبن، چونکە وەك لە ڕووی زانستی ولێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە دەرکەوتوە زیان بەخشە بۆ ئافرەتان .

**دووەم** : دەبێت کارکردنی ئافرەتان بە ڕەزامەندی پیاوەکەی بێت، یان باوکی وبرای، یان هەر کەسێك کە بەرپرس و وەلی ئەمریەتی

.

**سێهەم** : دەبێت ئەو کارەی ئافرەتان دەیکەن لەگەڵ سروشتیاندا بگونجێت، دوور بێت لە ماندووکردنی زۆر وکاری قورس، کە لەگەڵ باری جەستەیی وفسیۆلۆجیاندا ناگونجێت .

**چوارەم** : دەبێت ئافرەتان لەو بوارانەدا کار بکەن کە سوودی هەیە بۆ کۆمەڵگە ودەوروبەریان :-

أ- لەبواری پەروەردەوفێکردندا، بۆ ئەوەی ئافرەتان کچان

لەخوێندنگا وقوتابخانەکاندا فێربکەن، لەبری ئەوەی مامۆستایانی پیاو وانە بە کچان بڵێینەوە، دەبێت مامۆستایانی ئافرەت تایبەت بکرێت بەو بوارە .

ب-لەبواری پزیشکی وبرینپێچیدا، بۆ ئەوەی دکتۆر وبرینپێچێکی ئافرەت چارەسەری ئافرەتە نەخۆشەکان بکەن، نەك دکتۆری پیاوان .

ج- لەبواری بەرگ درووی دا، بۆ ئەوەی ئەگەر ئافرەتان پێویستیان بە جلوبەرگ دوورین بوو، بچن بۆلای بەرگ دوروە ئافرەتەکە نەك بۆ لای بەرگ دوروی پیاوان .

**پێنجەم** : نابێت کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ هەمو کاتەکانیان بەرێت، بۆ ئەوەی بگات بە پەروەردەکردن و خزمەت کردنی مناڵەکانی، هەروەها پێداویستی و داواکاری پیاوەکەشی پشت گوێ نەخات ،

**شەشەم** : نابێت کاتێك دەچیت بۆ کارکردن خۆی بڕازێنێتەوە و

جوانکاری بۆ خۆی بکات، وبۆنی خۆش لەخۆی بدات، وپابەندی باڵاپۆشی ئیسلامیانەی خۆی بێت، لەکاتی دەرکەوتنی لای پیاوان .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

سەرچاوە : پەرتووکی : تكريم الإسلام للمرأة

نووسینی : محمد جميل زينۆ